# کۆنفرانسی دژە تیرۆر و چەند سەرنجێک ... پاریزەر: قادرسەعید رۆستایی

رۆژانی ١-٣ ی شوبات لە هۆتێلی خانزاد لە سەر رێگای سەلاحەددین کۆنفراسێك ساز کرا لە یادی کردەوە تیرۆریستیەکانی ١ ی شوبات لەلایەن هەندی رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەم کۆنفراسە سی رۆژی خایاند و تیایدا چەند کەسێك راسپێردرابوون بە نوسینی لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاجیاکانی پەیوەست بە دیاردەی تیرۆر، کۆنفراس بەسەر چەند تەوەریك دابووش بوو، لێکۆڵینەوەکان خوێندرانەوەو قسەو باسی لەسەر کرا و پاشان راسپاردەو پێشنیارەکان کۆکرانەوەو بە ناوی کۆنفراس بلاّوکرانەوە..
من کە تەنها لە رۆژی یەکەمدا بەشداریم کرد و دواتر لەبەر تێبینیمان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆنفراسەکان و بەشداری پێنەکرانمان لەتەوەرەکانی ناو کۆنفراس (هەرچەندە ئەندامیش بووین)، من و چەند ئەندامێکی تری پەرلەمانی کوردستان هۆڵی کۆنفراسمان جێهێشت، دواتریش بە رەسمی کۆنفراس داوای لێبوردنی بە نوسراو بۆ ناردین، بەلاّم بە ئەندازەی ئاگاداربوونم لە کارەکانی کۆنفراس و دوای خوێندنەوەی راسپاردەکانی لە رۆژنامەکان چەند تێبینیەکم لەلا دروست بوو بە پێویستم زانی لێرەدا تۆماریان بکەم:
١. پێکهاتەی کۆنفراسەکەو چۆنیەتی دیاری کردنی ئەندامانی کۆنفراسەکە بێلایەنی پێوە دیار نەبوو بەڵکو لەلایەن مەکتەبی رێکخراوە جەماوەریەکانی دوو حیزبەکە وە دەستنیشان کرابوون و دەتوانین بڵێین هەموویان کادیری باڵای حیزبی بوون ئەگەر لەژێر ناوی (مامۆستای زانکۆ یا رۆژنامەنووس یا ئەندامی فلاّنە رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی) شدا بووبن، ئەوەش وای لە کۆنفراسەکە کرد کە نەتوانێت زانستیانەو بابەتیانە لە دیاردەی تیرۆر بکۆڵنەوە و راسپاردەکانیش زۆر خاڵی سەیروسەمەرەیان لە خۆ گرتبوو کە نەك چارەسەرن بۆ دیاردەی تیرۆر بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبنە هۆی بەرتەسککردنەوەی ئازادیە سیاسی و دینییەکان کە سەرەنجامیشی بەرەو سەرهەڵدانی کاری تیرۆرستی و کەسانی توندرەو دەڕوات چونکە بەڕای زۆربەی شارەزایان تیرۆر کاردانەوەیە بۆ هەندی کاری نارەوا..
٢. هیچ دەرفەتێك بە نوسەر و سیاسیە ئیسلامیەکان نە درابوو لەم کۆنفراسە جگە لە بەشداریکردنێکی سنوورداری یەکێتی زانایانی ئیسلامی کە ئەوانیش هەر لە فەلەکی یەکی لە دوو حیزبەکە دەخولێنەوە، مەبەستم رای جیاواز و جۆراوجۆر بوونی کەم بوو لەم کۆنفراسە، من یەکێك بووم لەوانەی داوایدەرفەتم کردبوو لە هەڵسوڕێنەرانی کۆنفراسەکە - کە بە قەدەری خوا لە شوێنێك چاوم پێیان کەوت!- بۆ ئەوەی دەرفەتی لێکۆڵینەوەیەکم پێبدەن، ئەوانیش بەڵێنیان پێدام بەلاّم بریاربوو مەرجەکانی لێکۆڵینەوەکانم بۆ بنێرن بەلاّم نەیانارد، و دەرفەتەکەم بۆ نەرەخسا کە منیش وەکو ئیسلامییەك پرۆژەی خۆم بخەمە روو بۆ چارەسەری ئەم دیاردەیە، خەڵکی تریش دەناسم لێکۆڵنەوەی ناردووە لێیان وەرنەگرتووە بە بیانوی ئەوەی مەرجە زانستیەکانی تێدا نەبوو کە لەراستیشدا ئاستی نوسینەکە بەرز بوو بەلاّم لەگەڵ ئامانجەکانی رێکخەرانی کۆنفراسەکە و بیروبۆچوونیان نەدەگونجا، ئەوەندەی من دەرفەتم پێدرا لە میانەی بابەتێکی مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان کە چل دەقیقە قسەی کرد و مەترسی

ئیسلامیەکانی باس کرد لە سەر نەتەوە بی دەوڵەتەکان و منیش تەنها یەك دەقیقە دەرفەتم هەبوو روونکردنەوە بدەم دیارە ئەو کەمەش بەم زۆرە راناگات.. !!
٣. سەبارەت بە راسپاردەکانی کۆنفراسەکە دوای ئەوەی لە رۆژنامەی خەبات بڵاوکرایەوە و خوێندمەوە، یەکسەر تێگەیشتم کە ئەو سەرەنجامانە دەرهاویشتەی کۆنفراسێکی حزبی دوور لە ئەکادیمی بوون و زانستی بوونن، هەر لە رۆژی یەکەم هەندی لە بەشدار بوان مەرامەکانی خۆیان خستە روو باسیان لەوە دەکرد کە حیزبە ئیسلامیەکان قەدەغە بکرێن و رێگایان پی نەدرێت کاری سیاسی بکەن! کەچی ئێستا هاوپەیمانان لە هەوڵی گفتوگۆدان لە گەڵ گروپە ئیسلامیەکان (کە لە شەڕدان لە گەڵیان) بۆ ئەوەی رازییان بکەن بێنە ناو کاری سیاسی و واز لە توندوتیژی بهێنن!! کەچی ئەو برادەرانەی ئەم جۆرە پێشنیارانە دەکەن دەیانەوی ریی کاری سیاسی لە ئیسلامیەکان قەدەغەبکرێت، جا ئەگەر ئەوە رەواج دان نەبێت بە بازاڕی تیرۆر چی پی دەوترێت؟؟!
٤. خاڵە بەهێزەکانی کۆنفراسەکە لە چەند شتێك بەرجەستە ببون لەوانە خودی کۆنفراس بەستن بۆ ئەمجۆرە دیاردانە کارێکی زانستی و دروستە ئەگەر ئالیەتەکان تەواو بن، هەروەها چەند راپرسیەکی میللی کرابوون و لەوی ئەنجامەکان راگەیەنران کە بەراستی بە قەدەر هەموو کۆنفراسەکە بەسوود بوو بۆنموونە ( (زۆربەی بەشداربوان رایان وابوو کە تیرۆر دەرەنجامی نەبونی عەدالەت و خراپی باری ئابوورییە) ) ( (زۆربەی بەشداربوان رایان وابوو تیرۆرستان لە دادگایەکی ئاشکرا دادگایی بکرێن) ) ...